# دەترسم ئەو پیاوە بێتە ژوورەوە !

# دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منال لە لایەن کەسوکاریانەوە

**بێریڤان جەمال حەمە سەعید**

لە یەکێ لە فلیمەکانی فێستیڤالی جیهانی 2008 دا کە لە ئەمستردام سازدرا، ئەو دۆکۆمێنتە دڵتەزێنەی ئەفریقای باشوور بوو ، کە ناوی "Rough Aunties * " بوو. لەم دۆکۆمێنتەدا باس لە واقیعی ئەمرۆی ئەفریقای باشوور دەکات ، کە لە دوای کۆتایی هاتنی سیستەمی ڕەگەزپەرستیی ، چۆن منال – مێرمندالٚ وەک نێچیر لە لایەن گەورە سالەوە ، ڕۆژانە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی بەدرەفتاری سێکسیان بەرامبەر ئەنجام دەدرێت و لاقە دەکرێن . تاوانبارەکنایش کەسی نزیکی خۆیان وەک باپیر ، باوک، برا، زربرا، باوەپیارە، مام ، خال، ئامۆزا، پورزا ، یاخود ناسیاو وەک دراوسێ ، ئاشناو کەسی تر بوون..هتد. قوربانیەکان کە منالی کور یان کچ ، لە تەمەنی جیاوازی وەک 4، 6، 7، 10، 13 سالان هتد بوون. تیمێکی 5 کەس لە ژن ، ڕۆلی پوور یان کەسێکی خۆشەویست دەبیین، خۆبەخش یان کارمەندن و لە ڕێکخراوی <<بۆبی بیر>> کار دەکەن، مالە و ومال دەگەران و قوربانیەکانیان لە و خێزانە دەردەهێنا و لە پاشانیشدا بە هاوکاری پۆلیس بەدوای تاوانبارەکان دەگەڕان. خالی دەسپێکردنی چارەسەر بۆ ئەم مندالانەی کە هەندێکیان بە تەواویی، لە حالەتی شۆک و بارێکی دەروونی خراپدا بوون، لەوەوە دەستیپێکرد کە لە پێشدا شوێنکی ئارام و هێمن بۆ مندالەکان بدۆزنەوە ، ئنجا مندالەکان بە زمانی شیرین و ڕێزگرتن و باوەش و دلٚنەوایی و خۆشەویستی، ئەهۆن بکەنەوە، پێیان دەوترا کە ئەوەی ڕویداوەو بەرامبەریان ئەنجامدراوە، هیچ تاوانی ئەوان نیە و کەس لێیان توورە نین، لە پاشاندا کارمەندەکان بۆ ئەوەی بزانن منالەکان بە چ شێوازێک و چۆن و چییان بەرامبەر کرواە ، لە ڕێگەی " ورچیکی یارییەوە" ، کە ناوی" بۆبی بیر" بوو ، هانئەدران بە نازاری ئیشارەت لە سەر ورچەکە بدەن ، کە کوێیان دەستی بۆ براوە و چۆن پەلاماردراون ، تا ڕادەی کێشەی دەرونی و جەستەی قوربانیەکان دیاری بکەن. نمونەش لەسەر ئەمە، لە ژورێک کە تەنها منالێک و کارمەندێکی تێدا بوو، بە شێوەیەکی هێمنی و دلسۆزی لە منالەکە دەپرسرا، بەقەلەم یان بە پلاستەر لە سەر ورچەکە دەست نیشانی بکات ، کە کوێی منالە دەستکاری کراوە. جا منالەکە دەستی دەخستە سەر سک ، یان سنگی ، یان سەر دەمی ورچ ، یان کۆمی ، یان ئەندامی زایەندی ورچ ، بەم جۆرە کارمەندەکان پلە بە پلە ئەو زانیاریانەیەن چنگ دەکەوت کە چی لە مندالەکان کراوە و چۆن لاقە کراون، ، بۆ ئەوەی دوا بە دوای ئەوە چارەسەری دەروونی و ڕۆحی و جەستەیی بۆ ئەم قوربانیانە بکەن. دیاردەی بەدرەفتاری سێکسی بەرامبەر مندالٚ ، کە لە لایەن کەسی نزیکی مندالەوە ئەنجام دەدرێت، بە " ئینسێست" ناو دەبرێت، ئینسێستیش وشەیەکی لاتینییە لە incastus, ، هاتووە، کە ناپاک دەگرێتەوە، هەروەها بە blood schandal ، ناو دەبرێت . بێ گومان ئەم کێشەیە لە کۆمەلگای هۆلەندیشدا بوونی هەیە و تا سالانێکی زۆر تابووی گەورەی لە سەر بووە . پسپۆڕەکان بەم شیوەیە پێناسەی ئینسێست دەکەن : منالٚ (کچ) لەخوارتەمەنی شانزە سال، دەست درێژی دەکرێتە سەر لەلایەن گەورەیەك کە پەیوەندی خوێنی بەمنالەکەوە هەبێ ، کەسێك لەناو خێزانی خۆی یان بنەمالەکەیدا، بۆ نمونە ( باوك، برا، مام، خال، ئاموزا، خالۆزا. پورزا، باوەپیارە). کرداری سێکسیش مە بەستمان دەست لێدان لەئەندامی زایەندی ، ماچ ، بەکارهێنانی کۆم ، دەستهێنان بەسنگیدا، کرداری سیکس کردنی یان نواندنی ڕەفتاری زایەندی جیاواز لەبەرچاوی منالدا .

لە سالی 1981 ئەم دیاردەیە لە هۆلەندا بایەخی وەرگرت و لێکۆلێنەوەی جیا جیای لە سەر کرا. لە لێکۆلێنەوەیەکدا کە لە سالی 2005 دا ئەنجام دراوە، دەرکەوتوە کە لە 6 ژن ، ژنێک بەدرەفتاری سێکسی بەرامبەر ئەنجام دراوە، تاوانباری ئینسێستیش 95% تا 98% پیاون، بە پلەی یەکەم برا، خال، مام ، ئنجا باوک، باوەپیارە. هەمانکات لە لێکۆلێنەوەکاندا دەرکەوتوە کە زۆرترین کێشەی دەروونی ، تراوما، یان کێشەی جەستەی لەو قوربانیەنەدا ڕەنگ دەداتەوە لە کاتێکدا کردارەکە لە لایەن باوک(باوەپیارە) ئەنجام دەدریت.

نوسەر و فێمنستی بەناوبانگی ئینگلیز ڤرجینا فۆلف ( 1882-1941) ، کە لە خێزانێکی ڕۆشنبیرو ئینتلێکتۆێلەوە هاتوە، خۆیی و خوشکەکەی لە لایەن زربراکەیانەوە ئەم کردارە قێزەوەنەیان، ئینسێست، بەرامبەر ئەنجام دراوە.

نوسەرێکی چیکی کارل چەپک ( 1890-1938) * لە ڕۆمانەکەیدا باس لەوە دەکات کە چۆن کوڕێکی 8 سالٚ، ڕوداوێک بە چاوی خۆی دەبینی، ئەم ڕووداوە بە جۆرێک کاریگەری بەدرێژای ژیانی لەسەر ڕەوشتی ئەم کوڕە ڕەنگدەداتەوە. کە هەر بە دوای ڕاوی ژن و لەشفرۆشیەوە دەبێت . هەمو ژیانی عەودالی شتێکە و بۆی دەگەرێت کە نازانیت چییە ، ئەم منالە لە ڕۆژێکی کشوماتی یەکشەمەدا ، دەچێت بۆ لای کچەی هاوڕیی، لە گەنجینەکەدا گوێی لە دەنگی قاچی یەکێ دەبێت، کوڕەی 8 سالٚ خۆی لە پشت سنوقێکەوە دەشارێتەوە ، کچەی منالی هاوڕێی دەبینیت و دێتە گەنجینەکەوە، دوا بە دوای ئەویش باوکی کچە دێتە ژورەوە، و

ئنجا دەرگاکە دادەخەت، ژورەکە زۆر تاریک دەبێت، کوڕەکەش لە ترساندا ، کە نازانێت چی لە ئارادایە، خۆی مات دەدات، هەمانکات لە ترسی لێدانی خێرایی دڵی و دەنگی بە پەلەی هەناسەی، دەمی بە دەستی خۆی دەگرێت، تا دەنگی هەناسەی دەرنەچێتە دەرەوە ،ئەوەندەی پێ ناچێت کوڕە گوێی لە هاوار و هەناسەی و قیژەی کچەی دەبێ، باوکیشی دەمی کچە دادەخات، کە باوکە تەواو دەبێت، هەڵدەستێتەوە ، کچەی منداڵ بە دەم هەنسک و گریانەوە بەجێ دەهێڵێت ، ئنجا کورە بە ئەسپایی لە پشت سنوقەکەوە دێتە دەرەوە، لە بارودۆخەکە هیچ تێناگات، کچە ژێر دەکاتەوە.

لەم بارەیەوە پسپۆر و شارەزاکان باس لەو فاکتەرە جیا جیانەی کە زەمینە بۆ دروست بونی ئینسێست خۆش دەکەن، دەڵێن پچڕاند دنی شـ یرازەی خێـ زان و پێکەوە ژیـ انی منـ الی( کـ چ) لە گەل هـ اوڕێ ی تـ ازەی دایـ ك یـ ان باوەپێـ ارە (مەرج نیە کە هەموجیابونەوەیەك مناڵ بخاتە مەترسی ئینسێستەوە )، هۆکارێکە، خاڵی گرنگ لێرە ئەوەیە دایك چ جۆرە پەیوەندیەکی لەگەڵ هاوسەری تازەی هەیە چی بەیەکەوە گرێی داون، ئایا خۆشەویستی و ڕێز دەوری بینیوە لە هەڵبژاردنی هاوسەری تازەی دایك یاخود فاکتەری شارەوەی تر هەیە کە تاك لێی ی بە هۆش نیە، جەبری پێکەوە ژیانی دایك لە گەل هاوسەری تازە لە ترسی تەنیای ، یا لاوازی لە ڕوی سۆز و ئابوری.
خاڵێکی تر کە ڕۆل دەبینێت لە دروستبوونی پەیوەندی ئینسێست ئەویش زۆر لاوازیی دایك لە ڕوی سۆزو و ئابوریەوە، هەندێ دایك لەبەر ئەوەی لاوازەو متمانەی لەسەر هاوسەرەکەیەتی ، گەر هەست بە بونی کێشەیەك بکات چاو دەپۆشی و خۆی لە کێشەکە بێ ئاگا دەکات. یاخود ئەو دایکانەی کە خۆیان بەمناڵی بەد ڕەفتاری سێکسی کراون، لە بەرئەوەی ئەزمونی ناخۆشیان بەسەرهاتوە شێوەیەکی نەگەتیفیان لەسەر سێکس هەیە و دوورەپەرێز دەوەستن بەرامبەر هاوسەریان کە ئەمەش کاریگەری هەیە بۆ سەر ژیانی هاوسەری ، بەم شێوەیە منالی کچ زەفەری پێ ئەدرێ، وەك ئەڵتەرناتیف بەکاردەهێنرێ.
جیا لەوەش ئەگەرایەتی ئینسێست لە و خێزانانە دروست دەبێت گەر کچ لە ئەنجامی کۆمەلێ بارودۆخی دژوار ( وەکو مردن یا نەخۆشی مزمنی دایك، غائب بونی دایك بەهۆی کارەوە یا جیابونەوە) هەمو ئەرکی دایکی پڕ دەکاتەوە و کاروباری ماڵ دەخاتە سەر شانی خۆی، ئیتر ئایا هەمو ئیش و کاری ناوماڵ بێت یاخود سۆزی بێت. ئەم پرۆسەیەش هەر وەک پرۆفیسۆر و دەروناسی هەنگـ اری- ئەمریکـ ی **Iván Böszörményi-Nagy** بە *پارانتیڤیکاسـ یۆن نـ او دەبـ ات. لە لایەکەوە پارانتیڤیکاسـ یۆن وەک قۆناغێکی گەشەکردنی تەندروستی منداڵ دادەنرێت، لە لایەکی دی گەر مشورخواردنی و بەرێوەبردنی کاروباری خێزان لە لایەن منداڵەوە، لە سنوور دەرچێت ، حاڵەتێکی ناتەدروست و ئاڵۆز دروست دەکات.
پسپۆری بەناوبانگی خێزان **Minuchin** دوو جۆر فۆرمی خێزان ناو دەبات کە ئەگەرایەتی ئینسێستی تێدا ڕوودەدات. جۆری یەکەم **los-zandgezin** ، ئەو خێزانەی کە وەک دەنکۆڵەی "لم جیا و یەکنەگرتوون" ، بە جۆرێک سنوور لە نێوان ئەندامانی خێزان نیە و لە گەڵ یەکتردا ڕەق و وشکن، گەر تاکیکی خێزان کێشەیەکی هەبێت، کەسی تر لە خێزانەکە ئاگادار نیەو کەس خۆی تێناگەیەنێت، ئەندامەکان لە ڕوی سۆزییەوە گەشەی تەواویان نەکردوە ، ئەو وێنەیەی لە سەر خودی خۆیان هەیە، ناڕۆشن و نادیارە. ڕەفتاری ئینسێست لەم تیپی خێزانەدا بە ئاشکرا لە ئارادایە، تاوانکردن و بەکارهێنانی ئەلکهول و توونددوتیژ ی و لێدان بە ئاشکرا بەدی دەکرێت.
جۆریکەی تر کە ، بە پێچەوانەی جۆری یەکەمەوەیە **Minuchin** بە" **kluwengezin**"
ناو دەبات، خێزانەکە "بەیەکدا چوون و لە یەک ئالاون". بۆ جیهانی دەرەوە وادەریدەخەن کە پێکەوەن و پەیوەستی یەکترن، لە خێزانێکی ئاسایی دەچن و هەڵگری نۆرمن. باوک بالادەستە و هەمو بڕیارێک لە دەست ئەودایە. هەرچەندە باسکردنی ئینسێست لەم جـ ۆرە سیسـ تەمی خێـ زانەدا تـ ابوە ، بەلام ئەنـ دامانی خیـ زان هەسـ ت بە بـ وونی نهێنیەک دەکەن ، هاوکـ ات بێ دەنگی هەڵدەبژێرن. لێرەوە نهێنی پاراستن نەک هەر ئەرکی هەموو ئەندامانی خێزانە بەڵکو مەرجی بەیەکەوە لکاندن و پێکەوە مانەوەی خێزانەکەشە . لێرەدا کچی گەورە قوربانی ئینسێستە، گەر کردارەکە چەند سالانێکی خایاند، ئنجا نۆرەی کچی بچوکی دێت.
کچێکی 18 سال ، لە دوای هەوڵدانی خۆکۆشتنی ، چەند ڕۆژێک توشی کۆما دەبێت، باوکی لە گەڵ کارمەندانی نەخۆشخانە، ئۆتۆریتێر و دوورەپەرێزە ، سەردانی کچەکەی بە بەردەوامی دەکات ، دەڵیت کە کچەکەی ماوەیەکە خەمۆکی هەیە، لە دوای ئەوەی کچەکەی بە هۆش دێتەوە، باوکی کچە دەباتە مالەوە. پاش پێنج سال کچە جارێکی دی هەوڵی خۆکوشتن دەداتەوە، هەر چەندە بۆ جیهانی دەرەوە وا دەردەکەوێت کە باوکی بە مشورە و سەردانی کچە دەکات، لە کاتی گفتوگۆیەکدا لە گەڵ دکتۆر ، کچە دەتەقێتەوە ، دەردەکەوێت، کە باوکی نزیکی 10 ساڵە پەیوەندی ئینسێستی لە گەڵ کچەکەیدا هەیە.
پرسیار دەکرێت ئایا بۆچی ئەم قوربانیانە ئەوەندە ساڵ بێدەنگی هەڵدەبژێرن. دیارە مناڵ لەبەر لاوازی جەسەدی و عەقلی، کەمی تەمەنی و، نەبونی ئەزمون، لەڕووی سۆزو ، ئابوری وخزمەتەوە، وابەستەی کەسو کاریەتی و ، توانای بەرگری لەخۆ کردنی نیە. منالەکە لەژێر پالەپەستۆ و هەڕەشەکردنی سۆزی ، لەدژی خواست و ئارەزوی خۆی کرداری سێکسی پێدەکرێ. تاوانبارەکان لە ژێر هەڕەشـ ەو تـ رس ، وا دەخەنە مێشـ کی ئەم منـ الانەوە گەر ئەم نهێنیە بـ درکێنن، ئەوا بـ اوکی دەخـ رێتە زینـ دان و خێـ زانەکە هەڵدەوەشێتەوە، ئیتر کەسی تری نامێنێت بەخێوی بکات، لە لایەکی ترەوە مناڵ جۆرە وەفاییەکی هەیە بۆ باوکی، دەترسیت گەر پەردەی نهێنی هەڵماڵێ ئیدی کچە ، بەرامبەر خێزانی ناپاک بووە، ئیتر هەست بە تاوان دەکات.

منداڵێکی کوری کورد 8 سالان، لە قوتابخانە ، توانای فێربوون و  ئارەزوی یاریکردنی نەبو، گۆشەگیر و ماندو و  تەرکیزی لاواز بوو ، بۆ  مامۆستاکەی باس دەکات ،  کە شەو کابوسی هەیە و دەترسێت، ناوێرێت بنوێت، دەڵی شەو پیاوێک دیتە ژوورەوەو دەست دەخاتە سەر دەمم ..، لێرەدا زۆر گرنگە لێکوڵینەوەی باش بکرێت، ئایا ئەمە تەنها خەیاڵ و فەنتازی کورەکە خۆیەتی یان بەراستی روداوی وا رویداوە. دایکی کورە لە قوتابخانە ئاگاردار کرایەوە  ، ماوەیەکی زۆر لە لایەن تیمێکەوە سەرپەرشتی ئەم کورە کرا، لە دوای لێکۆڵینەوەی لیژنەی  تایبەت دەرکەوت لە شەودا میوانێکی خۆیان، گەورە ساڵە، کوڕەخاڵیەتی بە شەو چۆتە ناو جێگاکەی!!!

لە هۆڵەندا چەند حاڵەتێک لە  ئینسێستدا، لەناو خێزانی کوردا ڕویداوە، تاوانبارەکان باوک ،  باوەپیارە ، کورە خاڵ..هتد بوون. .لە کۆڕێکدا کە لە 8-2-2009 لە ڕۆتردام لە سەر ئەم بابەتە  ئەنجامدا، لە نیوەی کۆڕەکەدا ژنێک لە سەروی 45 ساڵیدا، بە ناوەڕۆکی بابەتەکە زۆر دڵنیگەران  بوو ، بێ هەزم نەدەکرا کە چۆن  باوک ، یان کەسوکار دەستێیان دەچێتە  منداڵی خۆیان، ئەم ژنە داوای کرد کە ناو و شوێنی ئەو تاوانبارە کوردانە  ئاشکرا بکرێت، تا لە ناو خەڵکی دیار بن کە چ تاوانبارێکن. بێگومان ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە چۆن هەوڵی نەهێشتنی ئەم ڕوداوە بکەین، نەک ناو ئاشکرا بکرێت، بەمە کێشەکان چارەسەر ناکرێت، گرنگ ئەوەیە چۆن پارێزگاری منداڵ بکرێت ، لای کێ بەجێ دەهێڵرێت ، لە گەڵ کێ دەچێتە دەرەوە، لە کوێ دەخەوێت، ئەو کەسانەی کە زۆر نزیکن و بە میوانی دێن ، کێن؟  شوێنی خەوتنیان کوێیە؟ گەر دایک نەخۆش بێت، یان لە سەفەر ، یان نەمابێت ، چۆن  ئاگاداری و پارێزگاری ئەو منالانە بکرێت ؟  گەر لە دەوروپشتدا هەست بە  حاڵەتێکی وا بکەین ، چۆن پشتیوانی خۆمان بۆ ئەو منداڵە دەربڕێن و فریای بکەوین؟ چی بکەین گەر بینیمان  منداڵێک بێ ئارەزوو گۆشەگیرە، خەو و خواردنی نیە، چۆن هەوڵ بدەین لە هەستەکانی ئەم منداڵە نزیک ببینەوە تا بزانیین چی لە ئارادایە؟.ئایا دروستە  خوشک و برا  لە یەک ژووردا بنوون؟ ئەی گەر خێزانەکە یەک ژورییان هەبێ، چۆن دایک و باوک پرایڤەسی خۆیان دەپارێزن؟

ئاشکرایە لە کوردستان ئینسێست  هەیە و هەندێک جاریش تاوانبار دەستگیر دەکرێن، بەلام  پرسیار ئەوەیە  کێ فریا و پشتوانیی قوربانیاکانە ؟

ئایا پرسیار لە خۆمان ناکەین ، بۆ هەندێک جار  کچی مێرمنداڵ  بە  پەلە دەدرێت بە  شوو بە گەورەساڵێک، کە بە باپیری خۆی دەشێت! ئایا ئەم   شووە  کێشە دەرونیەکانی  کچە  چارە دەکات ؟ ئایا ئەم شووە ، هەر خۆی لە خۆیدا جاریکیدی  وردوخاشکردنی کەرامەت و کەسایەتی ئەم کچانە نیە!

یاخود هەر  کۆمەڵگا خۆی  بە چاوی سوک  و نزم سەیری ئەم قوربانیە دەکات بۆ کردارێک ، کە خۆی  تاوانی نیە، لە ئەنجامدا کچە یان پەنادەباتە بەر خۆکوشتن. یان لەش فرۆشتن!!!!

- ئەم نوسینە لە 17-2 - 2009  لە ئاوێنە بڵاوکرایەوە

- پووری بەهێز ،یان کەسێک  کە ڕۆلی پوور ببیینێت
- Karel. C `doodgewoon leven``
- Balans in beweging: Ivan Boszormenyi-Nagy en zijn visie op individuele en gezinstherapie
- Incesthulpverlening
- Minuchin ,S Gezinstherapie
- ئەم وتارە بابەتی کۆڕێکم بوو، کە میدیا لە ڕۆتەردام ڕێکیخست